ئاسیاسێل: سەرجەم پابەندە دارایی و یاساییەکانمان جێبەجێکردوە

کەمپانیای ئاسیاسێل ڕاگەیاندراوەکی بڵ ناونیشانی " ئاسیاسێل پابەندبوونی تەواوەتی خۆی دووپات دەکاتەوە و سەرجەم پابەندبوونە یاسایی و دارایییەکانی بەرامبەر بە حکومەتی عێراق جێبەجێ کردووە"، باوکردوە.

سێ شەممە، ٦ کانوونی دووەم ٢٠٢٦، کەمپانیای ئاسیاسێل، ڕایگەیاند "ئێستا هیچ پابەندبوونکی دارایی لە ئێستای کەمپانیادا نییە بەرامبەر بە حکومەتی عێراقی، ئەمش لە چوارچێوەی پابەندبوونی بەردەوامیدا بە شەفافیەت و دیسپیلینی دارایی و کارکردن بە گوێرەی ڕێکارە یاسایی و ڕێکخراوییەکارپێکراوەکان".

لە بارەی کارەکانیان لە ساڵی ٢٠٢٥ کەمپانیاکە ئاماژە بەوە دەکات "لێگەڵ کۆتاییهاتنی ساڵی ٢٠٢٥دا، ئاسیاسێل هەموو ئەو پابەندبوونە دارایانەی لە ئێستیدایە بڕیهەناوە لە چوارچێوەی ڕێکارە بەرکار و پەسندکراوەکان لێگەڵ لایەنە حکومییەپەیوەندیدارەکان، هەر وەکو ئەوەی لە هەموو ساڵێکاندا کردوویانە".

وەک هاوبەشێکی نیشتمانی بەرپرسیار، بەشداری دەکەین لە پشتیوانیکردنی ئابووریی نیشتمانی و بەهێزکردنی گەنجینەی دەوڵەت، بە جۆرێک مەدەلێکی ئۆرێنتی کاری هاوبەشی تێندروست و درێژخایەن لە نێوان هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا نیشانبدات"، لە بارەی داهاتووی ئاسیاسێل وا دەڵێت.کەمپانیای ئاسیاسێل (Asiacell) بە پێیوەندیەکان، لە ساڵی ١٩٩٩ لە شاری سلێمانی لەلایەن سەرمایەدار فاروق مستەفا ڕەسوڵەوە دامەزراوە و لە ئێستادا زیاتر لە ١٦ ملیۆن بەشداربووی هەیە لە سەرانسەری عێراقدا، ئاسیاسێل یەکەم کەمپانیا بوو کە خزمەتگوزاری 4G بە شێوەیەکی بەرفراوان لە عێراقدا دابگرێنێت، چەندین جار وەک باشترین کەمپانیای گێیاندن لە عێراق و ناوچەکە خەڵات کراوە.